الاتحاد العام اللاجئين العرافيين

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR

---

## راگەیاندنێك بۆبەردەم رای گشتی وكەنالەكانی راگەیاندن

# دەرگای كۆنگرەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، لەبەردەم هەمواندا كراوەیە

رۆژانی شەمەو یەك شەمە (2007/8/26-25) فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەئامادەبوونی نوینەران و هەڵسووراوانی بمواری بزوتنەوەی پەنابەری و بەمیوانداری كردنی كەسایەتی و نوێنەرانی ریكخراوەكانی بمواری پەنابەری و مافەكانی مرۆڤ و هەروەها بە دەعوەتكردنی نوینەری ریكخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناسیۆنال و نەتەوە یەكگرتووەكان كۆنگرەی خۆی لەشاری ستۆكهۆلم / وولآتی سوید دەبەستێ.

لەم كۆنگرەیەدا كیشەكانی پەنابەری و مەسەلەی پەنابەرانی عیراقی لەبەر رۆشنایی باردۆخەكانی عیراق و كوردستان و یاساو بریاری ولاتانی ئەوروپایی و نەتەوەیەكگرتووەكان دەخریتە بەرباسەوە وهەرلەویشدا ریگاچارەی فیدراسیۆن بەرامبەر بە دیاردەی پەنابەریتی و ئاوارەیی خەلكی عیراق و كوردستان دەخرێتە روو.

لەم كۆنگرەیەدا هەوڵدەدریت لەبەر رۆشنایی مافە جیهان داگرەكانی ئینسان بەڵگەنامەی مافەكانی پەنابەر وپیناسەكردنەوەی سەرلەنوێ بدری بەگوێی رای گشتی و كۆمەڵگاو دەزگاكانی راگەیاندن و ناوەندەكانی بریاربەدەستی جیهانی و نیوخۆیی.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دەرگای كۆنگرەی خوی لەبەردەم هەمووان ئاوەلآكردووە و بەشداری لەم كۆنگرەیەدا بۆهەمووان ئازادە.. ئەو كەناڵ و دەزگایانەی كە مسەلەی عیراق و كوردستان و كیشەی ئاواریەیی و پەنابەرانی عیراقیًیان بۆ گرنگە ودەیانەوێت روانگەی فیدراسیۆن و بزوتنەوەی پەنابەری لەبەرامبەر ئەم مەسەلانەو سیاسەت و بریاری دەولەتانی ئەوروپایی بزانن، ئەوا دەتوانن بەبەشداری لەم كۆنگرەیەدا راپۆت و هەولگری بەدەست بهێنن.

ئێمە ئامادەین بۆكارئاسایی ودەست راگەیشتنی خێرا و راستەو خۆی كەنالەكانی راگەیاندن بە وەقائیعەكانی ئەم كۆنگرەیە لەهاوكاریدابین.. ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری بكەن لەم كۆنگرەیەدا، وەیا زانیاری زیاتر لەبارەی كۆنگرە و بەرنامەكانیًیەوە بەدەست بهینن ئەوا دەتوانن لەم ریگایەوە لەگەل ئێمە پەیوەندی بگرن:

بەریتانیا: جاسم غفور ژمارەی (07872970807) وئاسۆ گوران ژمارەی تەلەفون:(07895636633 )

سوید:جەمال ئەیوب: بە ژمارەی (0737799476)

سویسرا:فازل عوسمان: ژمارەی 0797266974 وئەحمەد عەلی ژمارەی 0788532004

كوردستان:بەشدار عەلی ژمارەی تەلەفون (07504486474)

**سكرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007–7–17

---

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 or 00447895636633

ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com

www.csdiraq.com